حەسەن ئەیوب زادە

# بەرەی سیاسی بۆ رۆژهەلاتی کوردستان

داخوازی " پێکهاتەیەکی سیاسی" بە ناوی" بەرە "بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، بووەتە بابەتی رۆژ، سەردێری رۆژنامەو ئاخاوتنی تاک و تەرای بەرپرسانی حیزبە سیاسییەکان".
سەرەکیترین پرسیارەکان لەپێوەندی بەو پلمیکە سیاسییەبریتین لە:
بەرە یان پێکهاتەی سیاسی بۆچی پێک دێ؟
ئایا بەرە تەنیا لە ئۆرگان و حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان پێک دێ؟
بنەمای فکریی و پێشینەیسیاسی سازمان و حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بۆچوون و کردەوەیان لەسەر مەمەسەلەی نەتەوەیی کورد و جیددی بوونیان بۆ پێکهێنانی بەرە چییە؟
دەستنیشانکردنی خاڵی هاوبەش بۆ یەکگرتوویەکی سیاسی لەمەر پێکهێنانی بەرە.

مەبەست لە پێکهێنانی بەرە یان سازمانێکی یەکگرتووی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان، بۆ وەلامدانەوە بە سەرەکیترین داخوازی کورد واتە مافی نەتەوەیییە. وەڵامی ئەو پرسیارە کە حیزبەسیاسییەکان لە کوردستان تاکوێ لەگەڵ دۆزی نەتەوەیی کورد کۆکن و لە پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسیدا شێلگیرن لە بنەمای فکریی و پێشینەی سیاسی ئەوان دەردەکەوێ.
روانگەی سیاسی حیزبەکانی جێگیر لە کوردستان لە مەر دۆزی نەتەوەیی کورد بە کورتی بەم جۆرەیە:
1-حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەسەلەی کورد.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش دامەزراندنی کۆمارەپیرۆزەکەی کوردستان، بە پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە دروشم و ئامانجەکانی نەتەوەیی کۆمار، خەباتی کوردی بۆ ئازادی نەتەوەیی سازمان دا و تا تێشکانی رژیمی پاشایەتی ئێران، تەنیا هێزی سیاسی سازماندراوی نەتەوەیی کورد بوو. دروشمی خەباتی سیاسی حیزب تا پێش کونگرەی 13 بریتی بوو لە" دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان".
پاش تێکرمانی رژیمی سەددام لە ناوچە و پەرەگرتنی ئیدەی سیاسی فێدراڵیخوازی، رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە بەرنامەی سیاسی خۆی لە کۆنگرەی 13یدا بە لەز، وشەی خودموختاری کردە فێدراڵی و بە ناوی بەرنامەی سیاسی نوێی حیزب بڵاوی کردەوە.
پێشینەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بۆ حیزبی دێموکرات، خەبات و قوربانیدانی لە پێناوی مافی نەتەوەیی کورد کە لە سەردەمی شەری ساردی نێو دووبەرەی زاڵ بە سەر جیهاندا لە ژێر دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دیفاعی لێکرد، ئەو حیزبەی کردە رێبەری نەتەوەیی و سەرچاوەی فکری ناسیونالیزمی کورد.

حیزبی دێموکرات لەژێر کارتێکەریی فکریی سازمانە ئێرانییە شوینیستەکان راشکاوانە لە فورمولە کردنی واقعییەتی داگیرکراوی و کۆلۆنی بوونی کوردستان و هەول بۆ ناساندنی هوویەتی سەر بەخۆی کورد خۆی پاراستووە. هەرچەند لە کردەوەدا و لە خەبات بۆ دۆزە رەواکەی هەرگیز درێخی نەکردووە و لەپێناویدا هەموو مێژووی شەلالی خوێنە.
حیزبی دیموکرات دوای روخانی رژیمی شا کە گروپ و تاقمی سیاسی دیکە سەریان هەڵدا، تا ئەمرۆ لەسەر پێویستیی پێکهاتەیەک بۆ هاوخەباتی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان هەڵوێستێکی روونی بە رەسمیی دەرنەبریوە. جاروبار کەسانێک لە رێبەرایەتی کۆنی حیزب کە رەنگە ئێستاش دەورێکیان هەبێ، هێندێک شتی سەیر و کۆن وەکو پێکهێنانی بەرەی دژی ئیمپریالیستی و دژی ئیستیعماریی بڵاو دەکەنەوە کە سەرسوورهێنەرن.... ئەو شێوە بیرکردنەویە نیشانەی بێخەبەری و دابرانە لە جیهانی نوێی ئەم سەردەمە.
دیموکراسیخوازی بۆ هەموو ئێران و دابینکردنەکەشی بە مانای گەیشتنی کورد بە مافی نەتەوەیی نییە. پاساوی ئەوە کە پێوەندییەکی دوولایەنەی زمانی، فەرهەنگی، مێژوویی، ئابووری و سیاسیی لە نێوان کورد وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان و حاکمانی ئێراندا بووە و هەیە ناراستە و لەجێدا نییە. حیزبی دێموکرات لە خوێندنەوەی مەسەلەی نەتەوایە تی کورد ئەو واقعییەتی دەرنەبریوە کە کوردستان داگیرکراوو کۆلۆنییە.
رەنگە کورد بۆی نەلوێ کە لە دادێیەکی نزیکدا دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێک بێنێ بەلام ئەوە بەو مانایە نییە کە واقعییەتی مێژویی کوردستان بە ئاشکرا رانەگەیەندرێ. حیزبی سیاسی بۆی هەیە ستراتێژی و تاکتیکی خۆی هەبێ و بۆ قۆناخێکی مێژوویی بەرنامەیەکی گونجاو دابنێ بەڵام بۆی نییە گەلەکەی لە واقعییەتی مێژویی خۆی هەتلە بکا. لەو رووەوە هەر حیزبێکی سیاسی دیکەش کە سەری هەڵداوە بە چاولێکەری لە حیزبی دێموکرات ئەو خوێندنەوەیەی بە زیادەوە قۆستووەتەوە و رەنگی ئیدئۆلۆژی و ئاینی لێداوە. بەلام لە راستیدا پێوەندی کورد بە داگیرکەرەوە یەک لایەنە و بە شیوەی کۆیلەدارییەکی تایبەتی بووە. شەتەکدانی خەباتی کورد بە ململانەی پاشاخوازان، ئاخوند، پانئێرانیستان و حیزبە مارکدارە ئێرانییەکانەوە لاوازترین خاڵی هەلوێستی سیاسی حیزب و خەباتە نەتەوەییەکەیەتی.
گرێی کاری حیزب لەم کاتەدا بۆ پێکهێنانی بەرە تەنیا قبوڵ نەکردنی رێبەریی و حاکمییەتی ئەو حیزبە لەلایەن سازمان و تاقمەسیاسییەکانی جێگیر لە کوردستانە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش، مێکانیزمێک لە ئارادا نەبووە. مەسەلەی هەبوونی چەند حیزب لەوڵاتێکدا و قبوڵی پرەنسیپی بەرێوەبردنی بریاری خەڵک ئەو گرفتە چارەسەر دەکا. هەر چەندحدکا باوەری بە پلورالیزمی سیاسی هەیە و دەبێ زیاتر لە حیزبەکانی دیکە خوازیاری پێکهێنانی بەرە بێ، بەڵام ئەو مەرجە سەرەکییە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو مێکانیزمە رێگەی نزیک بوونەوەی حیزبە سیاسییەکانی لە حدکا گرتووە. ئەو ویستەی حیزبی دیموکراتیش تا رادەیەک فام دەکرێ. چونکە حیزب بەو دەورە گرنگە مێژووییە کە لە خەباتی 60 ساڵەی کورددا بوویەتی، رازی نابی هێزێکی دیکە خۆی بکاتە میراتگری دەسکەوتە مێژوویییەکانی. بەتایبەتی ئەگەر لایەنی بەرامبەری، حیزبێکی نانەتەوەیی بێ و رابردوویەکی خاوێنی سیاسی نەبێ. حیزبە سیاسییەکانیش بۆ ئەوە دەلیلی تایبەت بە

خۆیان هەیە و دەڵێن: مێژوو، رابردووە. وەچەی ئەو رۆ گۆردراوە و پێوانەیەکی دیکەی هەیە. لەبەر ئەوە رێبەرایەتی حدکا قبووڵ ناکا. لەو هەلو مەرجەدا قبووڵی پرەنسیپی دیکە وەکو رای خەڵک پێویستە. بەلام وەرگرتنی دەنگی خەڵک بۆ حیزب و سازمانە سیاسییەکان کە لەدەرەوەی کوردستانن دژوار یان نەلواوە. لەبەر ئەوە ێویستە پێوانەو مێعیارێکی دیکە لە ئارادابێ کە لەخوارەوە باسی کراوە.

ئاکامی بەساڵیان مانەوەی رێبەرایەتی حیزب لە باشوری کوردستان و هەڵپەساردنی تێکۆشانی سیاسی و نیزامی، ئەو حیزبەی بەرەو لاوازی و داماوی راداوە. لەو ماوە دوور و درێژخایەنەدا حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات کەمترین شوێنەواری لەسەر کۆمەڵانی خەڵک و توێژی روناکبیر و ئاگای کورد بووە. ئەو هەلومەرجە نالەبارە بووە بەهۆی دووبەرەکی نێوخۆیی ، گەندەڵفێلی فراکسیۆنی و رێخۆش کردن بۆ هەڵوەشاندنی حیزب. سەرەرای ئەوە پاش دوکتور قاسملوو و تارادەیەک دوکتور شەرەفکەندی کەسایەتییەکی هەموانیپەسند و سەربەخۆ لە رێبەرایەتی حیزبدا نەبووە کە توانایی رێبەریکردنی حیزبی دێموکراتی هەبێ و بتوانی لەو بەستراوەییە رزگاری بکا و شوێنی خەباتی حیزب بۆ نێوخۆی رۆژهەڵات بگوێزێتەوە.

## 2. یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان.

سازمانێکی کوردستانییە. خەتێکی ناسیۆنالیستی تایبەت بە خۆی هەیە. هێندێک لە حیزبە سیاسییە دەرەکییەکانی کوردستان بە سازمانێکی بەرچاوتەنگی کوردی ناودێری دەکەن. ئەو سازمانە بەرنامە و پەیرەوی نێوخۆی بلاو نەکردووەتەوە. نەزم و دیسیپلینی سیاسی – نیزامی ئەو سازمانە و سانترالیزمێکی بەهێز رێگەی لێگرتووە کە پەل وپۆ باوێ و تائێستا کۆنگرەیەکی پێک نەهێناوە. ئەو سازمانە بە گوێرەی بڵاوکراوەکانی، سنورێکی بۆ پشتیوانیکردن لە حیزبە سیاسییە نەتەوەییە کوردییەکان نییە و خۆی بە میراتگری هەموو خەباتگێرانی رێی رزگاری کورد دەزانێ. هەرچەند ئەو سازمانە تەمەنێکی دورودرێژی سیاسی نییە، بەڵام رێکخراوەیەکی ئەکتیوەو خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردە.

## 3- " کۆمەڵەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" سەر بە بەرێز سەید برایمی عەلیزادە.

ئەو رێکخراوەیە باڵێک لە حیزبێکی ئێرانیچییە. بە پێی پرەنسیپ رێکخراوەیەکی دژی مەسەلەی نەتەوایەتی و لەراستیدا دژی کیانی کوردە. دایکی ئەو رێکخراوەیە بە ناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر لەو کۆمەلەیە پێکهاتووە کە بە سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ناودێرە. واتە دایک و کچ یەکن. ئەو سازمانە بە باوەرمەند بوون بە بەرنامەی ئابووری چرووپری حکومەتی دیکتاتۆری پرولێتاریا لە چەشنی ئەوەی کە روس، چین و ئاڵبانی ماکێتە کاغەزییەکەیان دانابوو، بە سەرنجدان بە دەرسەکانی ژوبینی رازانی و ئۆگری بە فکر و سیاسەتی خەتی ئێرانیگەری حیزبە ناوزراوە ئێرانییەکان، دەرفەتی بیرکردنەوەی لە مافی نەتەوەیی کورد نەبووە. باس لەوە دەکرێ کە ژمارەی ئەندامانی رێبەریی غەیرە کوردی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی بەرێز سەید برایم عەلیزادە ناگەنە

ژمارەی قامکەکانی دەست کە بۆگرتنی قەڵەمێک بۆ نووسین پێویستن. لەشی ئەو رێکخراوەیە لە تاقمێک گەنجی وردەبورژوای خەیاڵشەپرێوی گرووپفیی پێک دێ کە لە مەکتبخانەی فکری ئێرانیچێتی بۆ خزمەت بە نەتەوەی فەرمانرەوا و هێشتنەوەی کورد بە کۆیلەتی پەروەردەکراون. وێنەی ئەو مەکتەبخانانە لە تركییەی ئەنوەرپاشا و رەفعەتبەگ و کەمالیستەکان پاش هاتنەسەرکاریان لە ترکییە دامەزرێندران. بروانە هەلوێستی هەموو حیزبە چەپەکانی ترک کە چۆن نەترکبوون بە گەمار دەزانن و بۆ ئاسیمیلەکردنی کورد و نەتەوەکانی دیکە سیاسەتی دارژاوی شوینیستەکان شێلگیرانە بەرێوە دەبەن. لە ئێرانیشدا سازمانیکی سەرانسەری وجوودی نییە کە لە خزمەتی ئەو شێوە بووچوونە کەمالیستییەدا نەبێ. ئەو خەتە سیاسییە عەشیرەتییانە لە کۆنەوە بە بیانووی پاراستنی تەواویەتی ئێران،ئیسلامەتی ئۆممەی موسوڵمان، دامەزراندنی حکومەتی پرۆلێتاریا و شەری چینایەتی بە پێی بەرنامەی حیزبەچەپاژۆکان یان هێشتنەوەی کورد بەدیلیی لەژێر فەرمانرەوایی ترک ، فارس و عەرەب لە ژێر ناوی یەکسانیی مافی شاروەندیی( کەمالیزمە کەی بەرێز عەبدوللا ئۆجەلان لەگەڵ وەرگێرانی خۆجەیەکی کورد لە زانکۆی بۆغازیچی ترکییە بۆ دژایەتی لەگەڵ کوردو حیزبەسیاسییەکان) کەڵکی لێوەرگیراوە. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە ئەم حیزبە و رێبەرایەتییەکەی لە جیهانی خەیاڵاتی دور و درێژی مێشکی سەدەکانی رابردووی عەشیرەتی – ئیدئۆلۆژیکی دووربخرێنەوە و خۆیان بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردەوە ماندوو بکەن.

خوێندنەوەی سیاسی ئەم سازمانە لەمێژوی 26 ساڵەی خۆیدا بۆ مەسەلەی نەتەوەیی کو منداڵانە، هەلپەرەستانە، تێکەڵ پێکەڵ، هەڵشەیی و دژ بە بەرژەوەندی کورد بووە.

لەسەرەتادا بەشە کوردزمانەکەی کۆمەڵە خۆی بە بزووتنەوەیەکی مائۆئیستی ناودێر دەکرد (سەردەمی راکردنی شای ئێران چەندکەسێکیان چوونە لای یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بوون بە لایەنگری ئەو خەتە). لە روخانی رژیمی شادا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیان بە ناوی " جونبیشی موقاوەمەتی کورد " پێناسەکرد کە دیار نەبوو ئەو "موقاوەمەت" و خۆبەکوشتدانەی کورد لە پێناوی چیدابو و لەبەرچی کورد دەبوو ببێتە وشتری قوربانی ئەوانەی سامانی ئێرانیان لە قورگی دەرێژرا. ئەم کۆمەڵە گەنجە لەسەرەتای هاتنەسەرکاری خومەینی، فریوی تاقمێک غەیرە کوردیان خوارد و خۆیان و سازمانە کەیان بەو شوینیستانە دۆراند.

رێبەرانی کۆمەڵە لەو کاتەدا کە لە ئۆردوگای خۆجە فارسەکانیاندا بە ژەهری ئیدئۆلۆژی دژی نەتەوەیی کورد رادەهێندران، ویست و داخوازی مافی نەتەوەیی کوردو ئازادیخوازانی کوردستانیان بە شەری بورژوازی دژی پرولێتاریا دەنرخاند. بە تێئۆرییە سێگۆشە منالانەکەیان کوردیان تا دەرەجەی ئیمپریالیزم بەرزدەکردەوە و کوردکوژییان دەکردە ستراتێژی پرولێتاریای خۆکردیان. هاوکات بوون بە دژی ریویزیۆنیست، بوون بە مارکسیست- لینینیست- مائۆئیست، بوون و دواتر بوون بە کۆمۆنیستی کرێکاری پووت. سەرەنجام خۆجەکانیان بەرەو دەرەوەی ولات رایان دان و لەوێ "رەفیقانە" رووتیان کردن و ئەوەی هەیان بوو لەبەریان داماڵین وبە خڕی و بە ناوی " خانزادەی نەزان" بە دەستی بەتاڵ لە حیزبەکەی خۆیان وەدەریان نان. ئەم کیژو کورە کوردانە کە لە وزەیاندا بوو ببنە هێزێک و

لە مەسەلەی کورد پشتیوانی بکەن ئەو دەرفەتە مەزنەیان لەدەست دا. سەرەنجام پاش چەژتنی ئەو هەموو ئەزموونە تاڵە ، ئەم بەشە بوون بە تەمری پۆستی و هەرکوتێکی خۆی بە گۆشەی پاکەتێکەوە نووساند (وڵاتانی جیهان خۆتان بگرن هاتین). ئەو کەسانە کە قەراربوو رۆژێک بە گوردانی بەردە سوور و لە تەپکی مێشکەپەوە جیهان بگرن تا دووکانە کڵاوفرۆشییەکەی ژوبینی رازانی بریان کرد. پاش لەسەرنانی کڵاوی لەنگەریی ئەستێرە نیشان، بوونە تاقمێکی دژی گەلی کورد و بە تەواوی لە کورد بوون و کوردستان دابران. بەسەرهاتی تاڵی ئەو تاقمە لەباری تێشکاویی سیاسی و فەرهەنگییەوە تاڵترین ئەزموونی سیاسی خەمهێنەری پۆلێک لاوی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێستا بەشە مەکتەبییەکەی حیزبی کۆمۆنیستی بەرێز عەلیزادە کە رەدوی ژوبینی رازانی کەوت بۆ دژایەتیکردنی کورد لەبەشەکانی دیکە تووتنەکەیان توندترە و لەدەرەوەی وڵات بوونەتە شاروەندی جیهان و لە کلوبەکاندا بە شێوەی کۆنفەرانسی برلێن خەریکی ستریپتیزی سیاسین.

### 4-کۆمەڵەی شۆرشگیری زەحمەتکێشانی کوردستان سەر بە بەرێز عەبدوللا موهتەدی

ئەو بەشە لە کۆمەڵە کە لە بەناو حیزبی کۆمۆنیستی دایک سەر بە بەرێز عەلیزادە جیا بۆوەتەوە، بەناوی کۆمەڵەی شۆرشگیری زەحمەتکێشانی کوردستانی بیست و پێنج ساڵ لەمەو بەر، هاتووەتەوە سەر گۆرەپانی سیاسی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد. ئەم سازمانە نوویێیە کە کۆڵەباری ئەزمونی مێژووی تاڵی چارەکە سەدەیەک بەردەستیی و گوێلەمستیی تاقمێک شوێنیستی فارسی بە کۆڵەوەیە تا ئێستا نەیتوانیوە رێگەی سیاسی خۆی بە روونی دیاری بکا و کۆتایی بە بازبازۆکێنی سیاسی و سەرلێشێواوییەکەی بێنێ. ئەو سازمانە لەم کاتەدا نەکورد نەفارسە. وادیارە ئیئتیلافێکی فکریی بەشێک لە کۆنەحیکمەتییەکانە لەگەڵ ئەو بەشە کە ئاوڕی لە مێژووە دزێوەکەی داوەتەوە و خەریکە لێیڕادەکا. هەرکام لەو دووە دەیەوێ بەشەکەی دیکە بۆ لای خۆی رابکێشێ. بەشە فارسۆکەکە، مێشکی بە ئێرانیچێتی وفارس بوون گووراوە و لەشە قرپۆکەکەی بە جلوبەرگی کوردی داپۆشیوە. لایەنی کوردستانییەکەی بەو ئیمکاناتە ماڵییەی بۆی پێکهاتووە توانیویە ئەم بەشە لەرزۆکە لە گەڵ خۆی رابکێشێ.

وتەبێژانی کۆمەلەی زەحمەتکێشان بەپێی هەلومەرج دەپەیڤن. لای فارسان خۆیان بە دژی ناسیونالیزمی نەتەوەی بندەست و بە خشکە دژ بە کورد دەناسێنن. لەلای کوردیش خۆیان بە دارێژەری هێڵی نەتەوە خوازیی دادەنێن. ئەو رێکخراوەیە هەوڵ دەدا لە رابردووەی خۆی هەڵێ بەڵام توانای راکردنی نییە و پەنا بۆ قەوانە کۆنەکەی نوێنەرایەتی پرولێتاریا و زەحمەتکێشانی کوردستان دەبا. لە حاڵێکدا ئەم نوێنەرە خۆکردە لە توێژی هەرە دەستروێشتووی کۆمەڵگای کوردەواریی بووە و جەردەی فێڵکاری نەتەوەی فەرماندەر تاڵانی کردووە و دەسکەوتەکانی رابردووی بە خڕی لەدەستی دەرهێناوە.

راکێشان و پشتیوانی کردن لەو بەشەی کۆمەڵە کە خۆی لە ریزی دوژمنانی کورد جیاکردووەتەوە و لە مافی سیاسی بەرابەر بۆ کورد پشتیوانی دەکا، بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ئاوردانەوە لە مێژووی کورد و دەرسی عیبرەت وەرگرتن لە رابردوو، ئامادە بوونی خۆی بۆ هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان رادەگەیەنێ لەجێدایە.

5-خەبات

گروپێکی زۆر پچووکی ئیسلامی دژی ئاخوندەکانی دەسەڵاتداری ئێرانین کە سیاسەتیان لە ئایین شەتەک داوە و لەو ماوەیەدا ویستویانە خوێندنەوەیەکی لایەنگرانەی ئیسلامی خۆیان لە مافی نەتەوایەتی بۆ کۆمەڵگای کوردەواری بخەنە رو کە سەرکەوتوو نەبووە. گوایە ئەم گروپەش دووکەرتن. بەشێک لەو دوو گروپە سەر بە موجاهیدینی خەڵکی ئێرانن. وادیارە کورد هەردەبێ سەری بە دەست غەیرەوە بێ.

6- پەژاک( پارتی ژیانی ئازادی کورد)

رێکخراوەیەکی سەر بە پارتی کرێکارانی باکوری کوردستانە. بەرنامەیەکی سیاسی دیاریکراوی بۆ کوردستان نییە. نامیلکەیەکی تێکەڵ پێکەڵی ئەم رێکخراوەیە بە ناوی بەرنامەی سیاسی پارتی ژیانی ئازادی کورد لەسەرەتای راگەیاندنی سازمانەکە بڵاوکرایەوە کە هیچ خاڵێکی سەرنجراکێشی بۆ کورد تێدا بەدی ناکرێ. ئەندامانی پێکهێنەر وسەرکردایەتی سیاسی ئەو تەشکیلاتە جیا لە تەنیا کەسێک بۆ کوردی رۆژهەڵات نەناسراون.

گرنگترین گرفتی ئەو رێکخراوەیە نەبوونی خەتی نەتەوەیی و سەربەخۆیی سیاسی، تەشکیلاتی و مالییە. ئەم رێکخراوەیە بە بریار و بە شێوەی سیستمی پ. ک. ک و بە رێبەریی ئەو سازمانە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە. ئەو حیزبە خاوەنی هێزێکی چەکدارە و گوایە بەشی زۆری ئەندامانی ئەو سازمانە لە کچان و کوڕانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان پێک هاتوون. ئەو سازمانە لە بیست و چەندساڵی رابردوودا دەورێکی سیاسی لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبووە.

.

7- بزووتنەی رۆشنبیری و نەتەوەیی ئیحتیمالیی کورد ( گروپ و کەسایەتییەکانی ناوخۆی ولات و دەرەوە.. )

ئەمانە گروپەیلی دەرەوە و نێوخۆی ولاتن کە کوردستانین بەڵام سەربەخۆ لە حیزبەسیاسییەکانی کوردستانی کاری فەرهەنگی - سیاسی دەکەن. ئەم گروپانە ئەگەر خۆیان رێک بخەن دەتوانن بۆ بردنەپێشی مەسەلەی کورد دەورێکی کاریگەریان هەبێ.

گیروگرفتەکان بۆ رێکەوتن لەسەر پێکهێنانی پێکهاتەیەکی سیاسی یان بەرە و رێگە چارەیان

هۆیە کانی شەری چەکدارانە و ناکۆکیی سیاسی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە چارەسەرنەکراوی ماونەوە. تەنیا ئاگربەسێکی ناچاری لە بەر بێدەرەتانی و دوربوونیان لە نێوخۆی وڵات، کەرتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵەو "حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی" لە شەر و پێکدادان لەگەڵ حیزبی دێموکرات راگرتووە. لە روانگەی کۆمەڵەییەکان و و حیزبەکۆمۆنیستەکەی بەرێز سەید برایم عەلیزادەوە، حیزبی دێموکرات نوێنەری بورژوازییە و بە پێی ئیدئۆلوژیی لێنینی دەبێ ئەو چینە و نوێنەرایەتییەکەی تونا بکرێ. لە روانگەی حیزبی دێموکراتیشەوە کۆمەڵە سازمانێکی پۆلپۆتی ئاژاوەگێر، دژ بە فەرهەنگ و تۆرە و کیانی نەتەوەیی کوردە، مل بۆ پلورالیسمی سیاسی راناکێشێ، رێز بۆ دەنگ وبریاری خەڵک دانانێ، مافەکانی مرۆڤ بە رەسمی ناناسێ و دژی بەرژەوەندییەکان کوردە و خاوەنی بریاری خۆی نییە.
بە هاتنە گۆرێی حیزب و سازمانی سیاسی دیکە وەکو یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان ، پارتی ژیانی ئازادی کورد، سازمانی خەبات، گروپ و رێکخراوە مەدەنییەکان، رێکخراوەی ژنان، رۆژنامەڤان، نیشتمانپەروەرانی سەربەخۆ لە وەچەی نوێ، پەرەگرتنی هەستی یەکێتی نەتەوەیی کورد و دامەزراندنی کیانێکی پیرۆز بۆ کوردلە باشوری کوردستان، ئاڵوگۆرێکی فکری و سیاسی بەرچاو لە کۆمەڵگای کورددا روویداوە. حاڵەتی دوو جەمسەری و دووحیزبی و مەزنیخوازی و خۆگرێدان بە ناوەندی دەسەڵاتی ئێران و حیزبە ئێرانییەکان لەکزیی داوە. ئەو بیرۆکەیە لە مێشکدا رەق هەڵاتووە کە کوردستان بە زۆر داگیر بکرێ. ئێستا زەمینەی شەری خوێناوی چینایەتی و حاکمییەتی زۆرەملی و بێ دەنگی گەل نەماوە و تێزە سێ سووچەکەی حیکمەت کە دەیکوت : دێمکرات نوێنەری بۆرژوازییە و دەبێ بە چەک تونا بکرێ و بەزۆر لە مێشکی حیزبی کۆمۆنیستی بەرێز سەید برایمی عەلیزادەێ و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ترینجاند بوو رزیوە.

## خالی هاوبەش بۆ پێکهێنانی پێکهاتەیەکی سیاسی و گرێبەستی ئیحتیمالی نێوان حیزبەسیاسییەکان

پێکهاتە یان ئیئتیلاف یان بەرەیەکی سیاسی دەکرێ لە هەموو حیزب و گروپە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان یا بەشێکیان کە لەسەرەوە باسمان کردن پێک بێ.
ئامانجی هاوبەش: هاو کاری سیاسی بۆ خەبات لە پێناوی دابینکردنی مافی سیاسی نەتەوەیی کورد و دیفاع لە یەکسانی لەگەڵ نەتەوەی دەسەلاتدار بە تێکشکاندن و دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی ، ئابووری و پێکهێنانی کۆنفێدراسیۆن یا فێدراسیۆنێک لە نەتەوەکانی ئێرانی فرەگەلی . هەروەها هاوخەباتی بەچەشنێک رێگە بۆ گەلی کورد بکاتەوە کە لە رێفراندۆمێکی نەتەوەییدا لەسەر چارەنووسی خۆی و سیستمی حکومەتی دوارۆژی بریاربدا. (مافی وەکو یەکی سیاسی بۆ تاک بەو چەشنەی کە پاشاخوازەکان خستوویانەتە نێو بازاری سیاسەتەوە مەبەست نییە بەڵکو مافی سیاسی یەکسانی نەتەوەی کورد لەگەل نەتەوەی سەردەست مەبەستە)

بنەمای ئەو پێکهاتەیە لەسەر رێککەوتن و گرێبەستێکی سیاسی نێوان حیزب و سازمانەسیاسییەکانی ئەو پێکهاتە سیاسییە بریتین لە:

ا- قبوولکردنی مافەکانی مرۆڤ و پەیمانە نێونەتەوەیییەکانی.
2- قبولکردنی پلورالیسمی سیاسی و مافی ئازادی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان.
3- دەستەبەرکردنی مافی ئازادیی ژیان و مالکییەتی تاک لە کۆمەڵگای کوردەواریدا.
4- قبوولکردنی هێڵەسوورەکان لەپێوەندیی نێوان ئەندامانی پێکهاتەی سیاسی و لایەنەکانی دەرەکی. خۆپاراستن لە بەکارهێنانی چەک و سازکردنی شەری گروپی و ناوچەگەری و پێوەندیی نەگرتنی یەک لایەنە بە بێ ئاگاداری هێزەسیاسییەکان لەگەڵ دەسەلاتدارانی ناوەندی ئێران...

5- قبولکردنی ئەسڵی " خەڵک سەر چاوەی دەسەڵاتە و دەوڵەت کارگێری خەڵکە".
هیچ حیزب و سازمان و تەشکیلاتێک ناتوانێ بە زۆر و بێ وەرگرتنی دەنگ و هەڵبژاردن بەسەر خەلکدا حاکم بێ( ویست و ئیرادەی خەلکی کورد شەرعی و قانوونی بوونی دەوڵەت دیاری دەکا) ئەندامانی پێکهاتەی سیاسی ئەوە بەندە قبولْ دەکەن کە تا کاتی هەڵبژاردنیان لەلایەن خەڵکەوە نوێنەرایەتی گروپی سیاسی خۆیان دەکەن. زۆرینە یا کەمینە بەو ئیعتیبارە کە خۆیان بە نوێنەری چین و توێژی تایبەتی دەناسێنن مافی ئەوەیان نییە ئازادییەکانی مرۆڤ یان مالکییەتی خەڵک پێشێل بکەن. هەر چەشنە دەست بەسەرداگرتنی ماڵی خەڵک، زیندانی کردن و ئازاردانی تاک لەژێر هەرناوو بەهەربیانوویەک قەدەخەیە.

6- هیچ گروپ و سازمانێکی ئەندامی بەرە مافی بەرێوە بردنی پلان و بەرنامەی ئابوری هەموانی تا پێکهاتنی پارلمان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک کە ببێتە هۆی دووبەرەکی و لێک جیاکردنەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری نییە.

7- ئازادیی دەربرینی بیروڕای سیاسی کە شەر و توندو تیژی لێبکەوێتەوە و بۆ پەیرەوکردنی ئامانجی کەرتکردنی کۆمەڵانی کورد کەڵکی لێوەر بگیرێ و هیزی نیزامی و چەک پاڵپشتی بێ و اتە ئەو حاڵەتە کە لایەنگرانی نەزانی رازانی بە ناوی ئازادی هەرچی و پەرچێتی بێقەید و شەرت بۆ هەلایساندنی شەر کەڵکیان لێوەرگرت لە کوردستاندا رێی پێنادرێ. دەستەو تاقمی ئایینی دژ بە ئازادیی مرۆڤ نابێ لە دەرفەتی ئازادیی دەربرینی بیرورا بۆ هاندانی لاوان بۆ کردەوەی تێرۆریستی کەڵک وەرگرن. بڵاوکردنەوەی رقی چینایەتی و ئایینی و پاکتاوی نژادی مەحکومە. پروپاگەندەی چەکدارانە کە دەبێتە هۆی ئاژاوە بە هیچ جۆر رێگەی پێنادرێ.
لە پێوەندیی بەو بەندەوە پێویستە کۆمیسیونێکی پسپۆر دابمەزرێ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی دەربرینی بیرورا و وەبەرچاوگرتنی نیگەرانی ئیحتیمالی بەخراپەکەڵک وەرگرتن لە ئازادی کە فیتنە و دووبەرەکی لێبکەوێتەوە.

کوشتنی هەر تاکێک و پێشێلکردنی مافی ئازادی مرۆف لەلایەن ئەندامانی هەر ڕێکخراوەیەک سەرجەمی ڕێخراوەکە دەخاتە ژێر پرسیار و بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوەیە بەرپرسی ڕووداوەکە دەناسرێن مەگەر ڕێکخراوەکە دەستوەشێن یان گومانلێکراو بۆ لێکۆڵینەوە بە کۆمیسیۆنی خاوەن بریار بناسێنێ . سازمانی سیاسی کورد دەبێ ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بە روحی مودارا لە گەڵ خەڵک و هێزەکانی دیکە رابێنێ.

8- کەڵک وەرگرتن لە چەک هەر وە کو گوترا بە دژی حیزبەسیاسییەکانی کوردستان تێپەرین لە هێلی سورە. کەسێک کە فەرمانی تەقەکردنی دژ بە کورد یان ئەندام و لایەنگری سازمانێکی سیاسی دیکەی پێدەدرێ مافی خۆ بواردن ولادانی لە بەرێوە بردنی دەستورەکە هەیە و دەبێ داوای دەرکردنی فەرمان بە نووسراوە بکا. لەو حاڵەدا بەرپرس فەرماندەرەکەیە.

9- پێکهێنانی رێکخراوەی نە کوردستانی بۆ حیزبە سەرتاسەرییە نە کوردییەکانی دژی مافی یەکسانی نەتەوەیی قەدەخەیە.
10- پاراستنی کەرەسە، بنکە و دامودەزگای ئیداری و کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگەدان بە هەموو کارگێرانی پسپۆری کورد بۆ وەرێخستنی کاری کۆمەڵگا لە گوند و شارەکانی کوردستان وەکو دادسەرا، دادگە، زیندان ، شارەوانی ، ئاوو کارەبا، پەروەردە و راهێنان،نەخۆشخانە و دەرمانگاکان... ئەرکی هەموو لایەنەی سازمانە سیاسییەکانە.
11- دیاریکردنی ماوەیەک کە لە 6مانگ زیاتر نەبێ پاش وەدەرنانی هێزی داگیرکەر لە کوردستان بۆ رێفراندۆم لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی( کۆنفێدرالی یان فێدراڵی، یان یەکگرتنەوە لەگەڵ بەشە دابراوەکانی کوردستان) یان بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان لە گەڵ لایەنەکانی دیکە بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەسەر دابینکردنی ئامانجە نەتەوایەکانی کورد پێویستە و هێچ بیانەوویەک بۆ درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە و خۆبواردن لە پێکهێنانی رێفراندۆم قبول ناکرێ.
12- پاش هەلبژاردنی نوێنەرانی پارلمان بەرەی سیاسی ئەرکەکانی تەواو دەبێ و خۆی لە ئۆرگان و سازمانەکانی دەوڵەتیدا دەتوێنێتەوە. هێزی چەکداری خۆی بۆ دروستکردنی ئەرتەشی کوردستان سازمان دەدا.
13- پێکهێنانی کومیتەگەلی حقوقی، سیاسی ، مالی هاوبەش بۆ پشتیوانیکردن لە زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەکانیان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.
14- هاوکاریکردن بۆ دروستکردنی لەشکری کوردستان و گۆرینی پ.م ی هیزەسیاسییەکان بە لەشکری کوردستان پاش دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد.
ئەرکە سەرەتاییەکانی هنوکەیی بەرە :

الف- دارشتنی بەرنامەو و پلانێ سیاسی( ستراتێژی و تاکتیک) هاوبەش و راگەیاندنی بۆ هەلومەرجی سیاسی ئێستا و کاتی روخانی رژیم.

ب- دامەزراندنی نوێنەرایەتی سیاسی یەکگرتووی کورد لە دەرەوەی ولات بۆ وەگەر خستنی کۆمەلانی خەلک و سازماندانیان بۆ خەباتی سیاسی و هاوکاریکردن لەگەل حیزبە کورستانییەکانی هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان.
ج- کۆکردنەوەی یارمەتی مالی بۆ دابینکردنی خەرجەکانی ئەو پێکهاتە سیاسییە. سەرچاوەی مالی بریتی دەبێ لە یارمەتی ئەندامەتی هەموانی کورد لە ئوروپا بە شێوەی دلخوازانە( مانگانەیەکی رەمزی بۆ هەر کەسێک کە تەمەنی بە 18 سال گەیشتبێ. بەپێی بەلگەی یارمەتی.) شێوەی کۆکردنەوەو دابەشین و خەرجکردنەکەی کۆمیسیۆنێکی مالیی پێکهاتوو لە هەموو حیزبەکان ئەو ئەرکە وە ئەستۆ دەگرێ.
د- پێکهێنانی دەفتەرێکی کۆمیسیونی تایبەت بۆ ئامادەکردنی دەستوری کار و دانی پێشنیار بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان.

ە- گرنگیدان بە مەسەلەی دانیشتوانی ئازەری و ئەرمەنی و کەمایەتییەکانی جێگیر لە سەر خاکی کوردستان. هیچ هێزێکی کوردستانی مافی ئەوەی نەبێ هەلومەرجێکی نەخوازراو پێک بێنی بۆ ئەوە کورد تووشی شەر لەگەل ئازەرییەکان بکا. بۆ پاراستنی هێمنی پێویستە ئامۆژگاری بدرێ بە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ تەشەنا نەکردنی ناکۆکییەکان لەگەل پێکهاتەی سیاسی لە پێوەندیی دابن بۆ ئەوە گیروگرفتەکانی نێوان کورد و ئازەری بەردەوام لەگەل یەکتر بخەنە بەرباس و رێگەچارەی عەمەلی بۆ بدۆزنەوە. هەول بدرێ لە تلویزیۆن و راگەیەنەرە گشتییەکان بۆ ئەو مەبەستە کەلک وەربگیرێ.

دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە خالە گرینگەکانی پێکهێنانی بەرە سەرەکی و نەگۆرن کە بە بێ قبوولکردنیان بەرەپێک نایە. وەکو رێککەوتن لەسەر نەهێشتنی هۆیەکانی شەری لایەنە سیاسییەکان، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ئازادیی مافی مالکییەت ، قبولکردنی مافی نەتەوەیی کورد واتە بەرابەریی سیاسی لەگەل نەتەوەی دەسەلاتدار و بەرەسمی ناسینی خەلک وەکو تەنیا سەرچاوەی دەسەلات و قبولکردنی هێلە سوورەکان.
لەو بەشانەدا کە باس لە حاکمییەت و دەسەلاتی حیزبی و سازمانی نییە گیروگرفتێک پێش نایە. بەلام لە دەسەلاتخوازی و حوکمرانیدایە کە گیروگرفت پێش دێ. لێرەدا مەسەلەکە بەو شێوەیە چارەسەردەکرێ کە:
هیچ هێزێکی سیاسی لە نێوخۆی کوردستاندا تا پێکهێنانی رفراندۆم و هەلبژاردن بۆ دیاریکردنی نوێنەرانی خەلک مافی دیاریکردنی پاوان و شوێنی حوکمرانی نییە. هەموو هێزە سیاسییەکان دەتوانن ئازادانە لەهەموو رۆژهەلاتی کوردستان خەریکی هەلس و کەوتی سیاسی خۆیان بن ولە خەبات بە دژی رژیم بەپێی بریارەگشتییەکانی بەرە هاوکاری یەکتر و بنکە کۆمەلایەتی و دامودەزگا مەدەنییەکان بکەن . حیزبە سیاسییەکان تەنیا ئەرکی یارمەتیدانی ئەو دامودەزگا مەدەنییانەیان دەبێ و مافی دەستتێوەردان و خۆ تیهەلقوتاندنیان لە کاروباری حکومەتیدا نابێ. دۆزینەوەی مێکانیزمێکی لەبار بۆ ئەو ماوە کورتە تا دیاریکردنی نوێنەرانی هەلبژێردراوی خەلک دژوار نییە.

مەسەلەی حاکمییەت،لە کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستان بە زۆر چارەسەر ناکرێ. ئەوە ئەزموونی هەموو گەلانی خاوەن دەسەڵات و سەروەرییە. تەنیا بە قبولی پلورالیسمی سیاسی و رێگادان بە دەنگدانی خەڵک ئەو مەسەلەیە چارەسەر دەکرێ.
باجخوازی بە بیانووی ئەوە کە سازمانێکی سیاسی خۆی بە نوێنەری فلانە چین و توێژ ناودەبا، یان خۆی بە زۆرینە دەزانێ و بیهەوێ خۆی بسەپێنێ لەجێدا نییە. ئەو حیزبانە کاتێ دەتوانن خۆیان بە نوێنەری زۆربەی خەڵک بزانن کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابن.
سەرۆکایەتی کردنی خەباتی کورد قابلییەتی دەوێ و لەرەوتی کاردا ئەو قابلییەتە خۆی نیشان دەدا. هێندێک خاڵی سەرنجراکێش وەکو پێشینەی سیاسی، ئەزموونی کار، پالپشتی سیاسی دەرەکی ، ناسیاوی کۆروکۆمەڵی لاوەکی، زۆری ئەندامان، هێڵی نەتەوەیی ... دەتوانن بنەمای لاوەکی هەلبژاردن بۆ سەرۆکایەتی بەرەبن. دەکرێ دەورەیی بوونی سەرۆکایەتی رێیەکی باشتر بێ. ئەوە ئەزموونی وڵاتانی ئوروپاییە و ئاکامێکی باشی بووە و ئێستاش لە پێوەندیی خۆیاندا رەچاوی دەکەن. دەورەیی بوونی سەرۆکایەتی سیاسی بەپێی توافق بۆ ئەو کاتە کە هەڵبژاردن لە لایەن گەلەوە دژوارە رێگایەکی بە سانیترە.
بزووتنەوەی سازماننەدراوی ئەم دواییانەی رۆژهەڵاتی کوردستان نیشانی دا کە هیچ هێزێکی سیاسی لە کوردستان خاوەنی وتەی هەوەڵ وئاخر نییە. سازمانە سیاسییەکانی کورد لەم هەلومەرجەدا خۆیان رێک نەخەن و پێش روداوەکان نەکەون دەیدۆرێنن .
پێکهێنانی بەرە بەمانای دابرانی دەسەڵاتی سازمانی و هەلس و کەوتی سیاسی هێزە سیاسییەکان نییە، بەڵکو کارکردنە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی گشتیدا. بەرە دەتوانێ خەڵک سازمان بدا و رێبەرییان بکا. قەرار نییە حیزبێکی سیاسی بە چەند سەت فیداکارەوە ئەرکی سەرشانی هەموو خەڵک بە ئەنجام بگەیەنێ. خەباتەکە هەموانییە.
واقعییەتی گۆرەپانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان بە جۆرێکە کە هیچکام لە حیزبە سیاسییەکان ناتوانن بە تەنیا کوردستان بخەنە ژێر چەتری سیاسی خۆیان. ئەوان ناچارن پرینسیپە سیاسییەکان و بریاری گشتی خەلک بۆ پێکەوە کارکردن و ژیانی هێمنانە وەبەرچاو بگرن. ئەزموونی برایانی کوردمان لە باشور باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو مەبەستە. هاوپەیمانەتی هەموو هێزە کوردییەکان و سیاسەتی حەکیمانەیان، کوردی لە ناوچەکە تا رادەی بریاردەر و بەرپرس بۆ هێمنی و ژیانی ژیاری وڵاتێکی فرە نەتەوە هەڵکێشاوە.

15.01.2006